KURDISTAN NET کوردستان نێت

Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.21 22:51:45 +01'00'

# ڕوانگەی لیبرال فمێنیزم

دوکتۆر رۆئیا تلووعی

**پێشەکی:**

فمێنیزم زانستێکە سەبارەت بە ژنان، بەڵام نەك هەر بۆ ئەوان بەڵکو بۆ پیاوانیش. لە لایەکی ترەوە هەندێ کەس وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەدەبیش لە قەڵەمی ئەدەن. فمێنیزم لەگەڵ دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژندا دەکەوێتە بەربەرەکانێ و ژێر دەستە بوونی ژنی پێ قبوول ناکرێ.

فمێنیزم چەندین جۆری هەیە، لە ڕوانگەیەکەوە بە چوار پۆل دابەش دەکرێ:

١- لیبرال فمێنیزم ٢- مارکسیست فمێنیزم

٣- رادیکال فمێنیزم ٤- سۆسیال فمێنیزم

زۆر بە کورتی ئەتوانین بڵێین کە ئامانجی لیبرال فمێنیستەکان دەرخستنی هەموو شێوازێکی دەستەبژێری و سەرکوت دژ بە ژنانە و تێدەکۆشن بە ڕیفۆرمی یاساییەوە ئەم سەرکوتانە لابەن.

مارکسیست فمێنیستەکان ڕێگری کردن کە هاتنی ژنان بۆ مەیدانی گشتی بەرهەم هێنان و تێکۆشان، بە هۆکاری ستەم بە سەر ژندا دەزانن و ڕێگەی رزگاری ژن لە خەباتی چینی کرێکار بۆ لە ناوبردنی کاپیتالیسم ئەزانن. کەواتە مارکسیست فمێنیستەکان سەرمایەداری بە هۆکاری سەرەکی سەرکوتکاری ژن دادەنێن. بەڵام پێویستە ئەوەش بوترێ کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم بەملاوە کۆمەڵێ مارکسیست فمێنیست بە کاریگەرێتی وەرگرتن لە قوتابخانە هاوچەرخەکانی هزر و ئەندێشە و پتر لە زانستە مرۆڤییەکان وەك بنەماخوازی و هێرمۆنۆتیك ڕوانگەکانی خۆیان بە شێوازێکی تازە و شیکارانەتر ئاراستە کرد. رادیکال فمێنیستەکان دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژندا واتە پیاوسالاری بە پرسی سەرەکی کێشەی ژن دەزانن. بە رای ئەمان سیستەمی پیاوسالاری دەسەڵاتی بە سەر هەموو لایەنەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتی گرتووە و لە مێژووش تێپەڕ بووە. هەرچی ژنە بە هەر جیاوازییەکی مێژوویی و کولتووری و چینایەتی و رەگزی، دەچەوسێنەوە و بنەماڵە کە هۆکاری کۆیلەتی جنسی ژن و ئەرکی ژنە و مافی کەڵك لە جستەی ژن ئەدا بە پیاو، ئامرازی سەرەکی ستەمە بۆ ژن. رادیکال فمێنیستەکان جیاوازی نێوان ژن و پیاو بە تەواوی رەت ناکەنەوە و تەنیا لەگەڵ راڤەیەك کە لەم جیاوازیانە

کراوە کێشەیان هەیە. تیۆری رادیکال فمێنیستی بناغەی ستەم لە ژن لە دایکێتی ژن و دژایەتی دەروونی پیاو لەگەڵ ژندا دەزانێ کە بە شێوەی دەست درێژی لە سەر ژن خۆی دەنوێنێ.
سوسیال فمێنیزم ستەم لە ژن لە دوو شتدا دەبینێ: سەرمایەداری و پیاوسالاری. ئەم روانگەیە دەڵێ بەلاچوونی سەرمایەداری کێشەی ژن تەواو نابێ و ژن ئەبێ لە پیاوسالاریش هاو کات رزگار بێت.
بە رای سوسیال فمێنیستەکان کاپیتالیسم و پیاوسالاری یارمەتیدەری یەکترینن بۆ چەوساندنەوەی ژن. جیاوازی نێوان ژن و پیاو دەستکردی کۆمەڵە. دیارە بنەماڵە سەرەتای ستەمە لە ژن بەڵام نابێ جیاواز لە تۆڕی گەورەی کومەڵ سەیر کرێ.
شایانی باسە کە ئێستا شەپۆلێکی نوێ لە فمێنیزم هەیە کە لە سەر ئەو باوەڕەیە رەگز ئەسەری راستەوخۆی لە کێشەی ژناندا هەیە و بۆ نموونە کێشەی ژنێکی سپی پێست لەگەڵ کێشەی ژنێکی رەش پێست جیاوازی بەرچاوی هەیە. (ئابۆت، ١٣٨٠: ٣٤-٣٢)

## لیبرال فمێنیزم چیە؟

لیبرالیزم خۆی لە بەربەرەکانی لەگەڵ فئۆدالیزمدا هاتە گورێ و وەك رێبەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و بیرۆکەیەکی سیستەمی نوێ واتە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری خۆی نیشان دا.
دژایەتی بیری پیاوسالارانەی فئودالیزم لەگەڵ لیبرالیزم لە سەدەی هەڤدەهەمدا ئاڵوگورێك لە روانگەی مرۆڤ سەبارەت بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵی بەدی هێنا.
لە بەربەرەکانێی فئۆدالیزم و لیبرالیزمدا، لیبرالیزم باوەڕی بە بەرابەری سروشتی و یاسایی و مەدەنی تاکەکان هەیە وەك ماف دەنگدان و هەڵبژاردن، ماف ئازادی رادەبڕین و ماف خاوەندارێتی، بەڵام لە سەرەتاوە ئەم مافەی تەنیا بۆ پیاوانی مڵکدار و لە دواییشدا بۆ ئەو پیاوانەی وا لە بازاڕی کاردا بوون پەسند کردبوو و، تا ماوەیەکی زۆر کاری بە سەر پێگە و ماف ژنەوە نەبوو.
نکوولی لە توانایی ژن و لە عەقڵی ژن شتێکی چەند هەزار ساڵە بوو. ئەرەستوو دەیوت: پیاو بە هۆی سروشتیەوە لە ژن بەرزترە و ژن ژێر دەسەڵاتی پیاوە. عەقڵی ژن عەقڵێکی سەربەخۆ نییە و عەقڵێکی راوێژکارانەیە.

به داخەوە فەیلەسووفەکانی تریش شك و گومانیان لە عەقڵی ژن بوو. هێگێـل دەیـوت: عـەقڵی نزمتری ژن لە چاو پیاودا و کەمتر تێگەیشتنی ژن لە بابەتەکانی جیهان، هۆکاری جیاوازی ژنـە لە پیاو بەو چەشنەی کە گژ و گیا لە حەیوان جیاوازن. (کەم گوویان)

دیسان لیبراله کلاسیکەکان وەك «تیرێل و سیدنی» پێیان وا بوو کە بیروڕای ژنان سەبارەت بە دەوڵەت و سیاسەت لە بیروڕای باوکەکان و مێردەکانیاندا دەگونجێ. ئەمانـە لـە هـەمان کاتـدا کە باوەڕەکانی ئەنجیلیان سەبارەت بە ژێر دەستە بـوونی ژن رەت دەکـردەوە، پێیـان وا بـوو ژن بە کەڵکی ژیانی سیاسی نایەت. (هـ. س. پ)

جان لاك بە پێچەوانەی لیبراله کلاسیکەکان پێی وا بوو ژنـان دەبـێ لـە ئازادیـە سـەرەکیەکانی مرۆڤدا بەشدار بن. هەر وەها ژنان توانای عەقڵ و راڤەیان هەیە و ئەتوانن مـافی خاوەنـداریتیان بێ و وەك تاك لە سیستەمی لیبرالیدا سەیر کرێن.

بناغەی لیبرال فمێنیزم لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدە و نۆزدە دایە و بیرمەندانێك وەك «مـاری والستۆن کرافت»، «هەریەت تایلۆر»، «جان ئەستورات میل» و «ئێلیزابێت کیدی ئەستەنتۆن» پەروەردەیان کردووە.

بە هۆی ئەوەی کە لیبرالیزم سەرچاوەی ماف بـۆ مرۆڤــ لـە توانـایی عـەقڵی مرۆڤـدا دەبینـێ، لیبرال فمێنیستەکان بەردەوام داوای دەرفەتیان دەکـرد بـۆ فێرکـاری ژن. هـەر وەهـا هۆکـاری دواکەوتنی ژنیان لە چاو پیاودا بە یەکسان نەبوونی دەرفەت و ئامرازەکانی فێرکـاری دەزانـی. لیبرال فمێنیزم لە کاتی ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابووریی سیستەمی سـەرمایەداری لـە دایـك بـوو. سەرمایەی پیشەیی خەریکی پێشکەوتن و پەرەسەندن بوو لە بەریتانیا و فەڕەنسـە و ئـەمریکا و سیستەمی دێموکراسـی پەرلـەمانی لـە سـەر بنـەمای مـافی دەنگدانی هاووڵاتیـانی، کردبـووە شێوازی کاری سیاسی خۆی.

سەرمایەداری هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی خوێدا پێویسـتی بـە بەشـداری ژنـان لـە کۆمـەڵگا و کاری ئەوان بوو، بۆیە کاری بە داهات بۆ ژنان و ئاکامی سەربەخۆیی ئابووریان و هاتنە دەر لە نێو چوارچێوەی ماڵدا دەسکەوتێکی گـرنگ بـوو، کـە پێگـەی نـەریتی و ژێـر دەسـتەیی ژنـی دەگۆڕی.

لە دواییەکانی سەدەی نوزدەدا کە سەرمایەداری لە گەشەیەکی ئیجگار زۆردا بوو، پرسـی مـافی دەنگـدان و مـافی خاوەنـداریتی ژنـان لـە لایـەن لیـبرال فمێنیسـتەکانەوە هاتـە گـۆڕێ. خـانمی «ئەسـتەنتۆن» بزووتنەوەیـەکی بـۆ مـافی تـەڵاق، سەپەرشـتی، فێرکـاری، خوێنـدەواری و سەربەخۆیی ئابووریی بۆ ژنان رێخست.

ئـەم بزووتنەوەیـە کۆیلـەتی ژنـی لـە نێـو ماڵـدا وەك کۆیلـەتی رەش پێسـتەکان دەزانـی و شوناسـێکی لیبرالیسـتی و جمهـوری خوازانـەی بـوو. ئامـانجی سـەرەکی بزووتنـەوەی ژنـانی لیبرالیست، مافی یەکسانی ژن و پیاو لە پێناو یاسا بوو.

لـە هـەمان کاتـدا بەسـتێنی سـەرەکی بزووتنـەوەی مـافی دەنگـدان و هەڵبـژاردن بـۆ ژنـان لـە چوارچێوەی بایەخی لیبرالی و ئایینی بوو. داخوازیەکانی ئەم بزووتنەوە بریتی بـوون لـە: مـافی دەنگـدان، مـافی خاوەنـدارێتی، مـافی خوێنـدەواری و فێرکـاری، دەرفـەتی بەرابـەر بـۆ کـار، سەربەخۆیی تاك، ئازادی هەڵبژاردنی جل و بەرگ و بەرابری لە پێناو یاسادا.

ژنان بۆ یەکەم جار توانیان لە نیوزلەنـد و ئـەمریکا و ئوسـترالیا و فینلەنـد و نـورویج و جـا لـە وڵاتانی دیکە مافی دەنگدان بەدەست بێنن.

تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی لیبرال فمێنیستی ئەمانە بوو: زەخت لە سەر پێویستی ژنـان بـۆ بە دەسـت هێنـانی مـافی دەنگـدان و هەڵبـژاردن، دژایـەتی پیـاو و پێبەنـدی بـە ئایـدیولۆجیای لیبرالی و ئابووریی سەرمایەداری. ئەم بزووتنەوەیـە تێدەکۆشـا بـۆ لابردنـی کۆسـپە یاسـایی و نەریتیەکان لە سەر رێگای هاتنی ژن بۆ بازاڕی کار، پێك هێنانی ئازادی تاکەکەسی لیبرالیستی وەك ئازادی کێبەرکێی ژنان و پیاوان لە سەر کار، گەیشتن بە دەرفەتی فێرکاری و خوێندواری و پاراسـتنی مـافی خاوەنـدارێتی ژن دوای هاوسـەرێتی. پێگـەی یاسـایی تـا دوایـین کاتـەکانی سەدەی نۆزدە و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم زۆر لـە داخوازییـەکانی ئـەم بزووتنەوەیـە لـە ئەمریکا و بریتانیا بەدی هات. ژن کە مێردی دەکرد لـە پێنـاو یاسـادا دەیتـوانی خاوەنـدارێتی خۆی بپارێزێ و خاوەنی داهاتی خۆی بێت. هەر وەهاش مافی سەرپەرشتی منـداڵانی بێـت و تـا رادیەکیش یاسا لە توند و تیژی پیاوکەی بپارێزێ. نزمترین تەمەنی هاوسەرێتی بۆ کچ بوو بـە ١٦ ساڵ لە بەریتانیا و ١٨ ساڵ لە ئـەمریکا. مـافی یـەك لایەنـەی پیـاوان لـە پێوەنـدی جنسـی لەگەڵ ژندا سنوردار کرا.

ژنان لە چەند بواری جیاوازدا هاتنە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی. لە کـار و لـە کلـوپ و کۆبوونـەوە و رێکخراوەی یەکگرتووەکان کە بەشداری ژنانی لە نێو کۆمەڵدا زۆرتـر دەکـرد چـینێك لـە ژنـانی لێهاتوو راهاتن کە زانیاری زۆریان سەبارەت بە رێکخستن و باس و خواسـی سیاسـی و کـەمپین سازکردن و راستەوخۆ و بە جەسارەت قسە کردن بوو.

تا سـاڵی ١٩٤٥ ژنـان لـە زۆر لـە وڵاتـانی ئـەورووپی مـافی بەرابـەری یاسـایی لەگـەڵ پیاوانیـان دەسـتکەوت و لـە ژیـانی سیاسـی کۆمـەڵ و خوێنـدن و کـاردا بەشـدار بـوون. تەنانـەت لـە فەڕەنسەش ژنان لە ساڵی ١٩٤٤دا مافی دەنگدانیان پێدرا و یاسای ناپلیئونی کـە مـافی ژنـی ژێـر دەستەی مافی مێرد دادەنا لاچوو. رادەی ژنـانی خـاوەن کـار و ئـیش لـە دەیـەی پەنجاکانـەوە

بەملاوە هەر زیای کردووە. بە هۆی سەرکەوتنی ئیستانداردەکانی ژیان و کەڵك وەرگرتن لە شتومەکی مۆدیرنی ژیان و گەشەی پیشەیی و تەکنۆلۆجی، لە بەردەست بوونی ئامرازەکانی رێگری لە منداڵ بوون و چکۆلە بوونەوەی بنەماڵەکان، ژیانی ژنان باشتر و پێشکەوتووتر بووە.

لە دەیەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی بە تایبەت لە سەرەتای شەستەکاندا هەوڵێکی ئێجگار زۆر لە لایەن بزووتنەوەی لیبرال فمێنیزم دەستی پێکرد بۆ گەیشتن بە یەکسانی هەمەلایەنەی یاسایی نێوان ژن و پیاو و لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لە ئەمریکا ئەم بزووتنەوەیە هێزی خۆی خستە سەر تێکۆشان بۆ پەسند کردنی یاسایەك لە یاسای بنەڕەتی سەبارەت بە یەکسانی تەواوی مافی ژن و پیاو بە ناوی **ERA**. (کەم گویان) لە ساڵی ١٩٦٣دا یاسای دەسکەوتی یەکسان پەسند کرا. لە ١٩٦٤دا خاڵێك سەبارەت بە رێگری لە سەرکوتکاری و دەستە بژێری لە سەر بنەمای جنسیەت، لە نێو یاسای مەدەنی ئەمریکا گونجا. لە بەردەوامی ئەم هەوڵانەدا «**NOW**» یان رێکخراوەی گشتی ژنان لە ئەمریکا لە لایەن تێکۆشەرانی بزووتنەوەی لیبرال فمێنیستی بە ئامانجی بەرابەری یاسایی ژنان لە چوارچێوەی سیاسی کۆمەڵایەتی دامەزرا. ئامانجی ئەم رێکخراوە، زەخت خستنە سەر دەوڵەت و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان بوو کە بە بەکار هێنانی مافە یاساییەکانی ژن و ئامرازە یاساییەکان و مێکانیزمە سیاسیەکان هەوڵ بدات بۆ دوایی هێنان بە سەرکوتکاری ژنان و رەخساندنی دەرفەتی بەرابەر لە هەموو بوارەکاندا. لیبرال فمێنیزم بە رەخنە لە ئایدیۆلۆجیای جیاوازی جنسیەت خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە شێوازەکانی فێرکاری لە خوێندگەکان و گۆڕانی سیمایەك بوو کە لە لایەن میدیاکان لە ژن نیشان ئەدرێ.

**هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکان و خاڵە لاوازەکانی لیبرال فمێنیزم:**

بە داخەوە هەوڵەکانی بزووتنەوەی لیبرال فمێنیزم لە ئەمریکا بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی مافی ژن و پیاو سەر نەکەوت و **ERA** پەسند نەکرا. نەك تەنیا چینێك لە ژنان بەڵکو لایەنە راست و قایمکارەکانیش (محافظەکاران) و لایەنگرانی بایەخە نەریتی و ئایینیەکان دەنگیان بەو یاسانەدا. (کەم گوویان)

لە لایەکی ترەوە برێك لە لیبرال فمێنیستەکان هەوڵێکیان دەست پێکرد بۆ پەسند کردن و بە کار هێنانی یاسایێ دژ بە سەرکوتکاری ژنان و هەر وەهاش دەسکەوتی یەکسان و مۆڵەتی

منداڵ بوون و ماف دایکێتی. برێك لایەنگری هاتنە مەیدانی یاسایەك بە ناوی **Affirmative Action** بوون کە ژنان بتوانن لە ماوەیەکی تیژ تێپەڕدا دەرفەتی بەرابەر لەگەڵ پیاو بەدەست بهێنن. ئەم یاسایە بەم چەشنەیە کە دەوڵەت ئەبێ هەنگاوێك بە بەرژەوەندی ژنان هەڵگرێ و قەرەبووی ئەو کەم و کورتییە بیۆلۆژیکی و کۆمەڵایەتیانەی ژنان بکاتەوە و چەشنە دەستە بژێریەکی پۆزەتیڤ بۆ ژنان بە کار بێنێ.

بە هەر حاڵ دوای تێپەڕ بوونی چەندین دەیە لە هەوڵەکانی بزووتنەوەی لیبراڵ فمێنیستی، ئەمریکا هێشتا خراپترین کۆمەڵگای رۆژ ئاوایی لە بواری ماف دایکێتی ژنان و چاودێری منداڵانە. تەنانەت ئەو ژنانەش کە مەقامی باڵایان کە کاردا هەیە کێشەیان زۆرە بۆ چاودێری منداڵانیان. جیاوازی دەسکەوتی ژنان و پیاوان هێشتاش هەر بەردەوامە.

بە پێچەوانەی بە ئاکام گەیشتنی کەمینەیەك لە ژنانی هەڵکەوتە کە توانیویانە بە قودرەت و سەروەت و برێك مەقامی گەورە بگەن، هێشتا زۆر ژن لە دنیای هاوچەرخ هەن کە لە نابەرامبەریەکان ئازار دەکێشن. هێشتا دەسکەوتی ئابووری ژنان لە چاو پیاوان لە ئەنجامی کاری یەکسان لە زۆر شوێنی دنیا ١٤ تا ٥٠٪ کەمترە لە پیاو. هێشتا کاری ژنانە بە دەسکەوتی کەم و تایبەت بە ژن بەردەوامە. بە هۆی ئەوەی پیاو وەك سەرپەرشت و بەرپرسی داهاتی ئابووریی بنەماڵە هەر پلەی یەکەمی هەیە، ژن هەر سەرپەرشت و بەرپرسی ئابووری پلەی دووەمە و بۆیە دەسکەوت و داهاتی کەمتری پێ دەدرێ. (لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ژنان ٢٧٪ دەسکەوتیان لە پیاو کەمترە. (ئەحمەدی خوراسانی، ١٣٨٠: ٨٤))

سەرەڕای ئەم هەموو کێشانەش دەوڵەت و کۆمەڵگاش بەرپرسایەتی راهێنان و چادێری منداڵیان بە چاکی لە ئەستۆ نەگرتووە و بەرپرسی ئەم ئەرکە هەر ژنانن و بۆیەش ژنان ناچارن کاری نیوەکات بە دەسکەوتی نزمتر قبوول کەن یان بە هۆی زۆر بوونی پارەی پێویست بۆ باخچەی منداڵان ناچار بن کار بە جێ بهێڵن و خەریکی منداڵداری و کابانی بن. (کەم گوویان)

بە داخەوە دێموکراتترین و رادیکالترین دەوڵەتە لیبراڵەکانیش هێشتا نەیانتوانیوە بەرابەریەکی تەواو لە نێوان ژن و پیاودا بە دی بێنن.

«بێتی فرێدەن» لە لیبراڵ فمێنیستە هاوچەرخەکان و بەڕێوبەرانی «**NOW**» یا رێکخراوەی گشتی ژنان و چالاکی بزووتنەوەی ماف یاسایی و بەرهەم هێنانی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان، هاتۆتە سەر ئەو بیروڕایە کە ئاڵ و گۆڕ لە بناغەکانی ئابووریی کۆمەڵ زۆر پێویستە. (کەم گوویان)

«بێتی فرێدەن» سەرنج ئەداتە سەر دەوڵەتی سوێد و چۆنیەتی بەشداری دەوڵەتی سوێد لە پێکهێنانی باخچەی منداڵان بە ئامانجی بەشداری ئاسوودەی ژنان لە کار و تێکۆشانی

کۆمەڵایەتی. هەر وەهاش گیرۆدە بوونی پیاوان لە سەرپەرشتی و ڕاهێنانی منداڵان و ئاڵ و گۆڕی شێوازەکانی کار بە شێوەیەك کە ژنان و پیاوان بتوانن هاوکات لەگەڵ پەروەردە کردنی منداڵان، لە باری ئابووریی و کۆمەڵاتیش ئاسوودە بن.

بە هەر حاڵ بزووتنەوەی لیبراڵ فمێنیزم دەسکەوتی چاکیشی لە پێك هێنانی ماف خاوەنداریێتی و میرات و خوێندەواری و کار بووە و بەشێکی گەورەی لە ژنانی لە نێو چوارچێوەی ماڵ ڕزگار کردووە و هێناویەتە نێو بازاڕی کار. هەر وەهاش بەرهەمی پاراستنی ماف تاکە کەسی و مەدەنی و هاتنە نێو زانکۆکان و ئیش و کارە جیاوازەکانی بۆ ژن بووە.

بڕێك لە لیبراڵ فمێنیستەکانی هاوچەرخ لایەنگری سوسیال دێموکراسین.

ئەمانە لایەنگری بەشداری دەوڵەت و پرۆگرامگەلێك وەك زۆر کردنی باجی دەسکەوت، بەرپرسایەتی دەوڵەت لە پێناو تاکەکەسدا، بەدی هێنانی خزمەتی تەندروستی و دەرمانی، خواردەمەنی، ماڵ، باخچەی منداڵان و دادپەروەری کۆمەڵایەتین. هەر وەهاش فمێنیستە رادیکاڵ و مارکسیستەکان دەڵێن یەکسانی دەرفەتەکان بەس نییە و دەبێ ئاڵ و گۆڕەکان بناخەییتر بێ. (ئابۆت، ١٣٨٠: ٩٣)

سەبارەت بە وڵاتی فینلەندیش کە بە وڵاتی ژنان بە ناو بانگە نزیکەی ١٠٠ ساڵە ژنان ماف هەڵبژاردنیان دەسکەوتووە و لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە مافی یەکسانی ژن و پیاو لە پێناو یاسا ڕاگەیاندراوە و لە پەرلەمانیشدا ٣٧/٥٪ی دەنگەکان پێکدەهێنن (لە سوێد و دانمارك زیاترە) و لە ١٨ وەزیری ئەو وڵاتەش ٨ وەزیریان لە گرنگترین وەزارەتەکان ژنن.

٨٥٪ی ژنان لە هەموو بوارەکاندا کار دەکەن. دە ساڵیش دەبێ کە لە ناو سوپا پلە و پایەیان هەیە. بۆ نموونە وەزیری بەرگری رابردوو (ئێلیزابێت رێن) ژن بوو و ئێستاش لە بواری سیاسەتی ئاشتیخوازی چالاکە، (ساری یەلدئاوڤەر) سەرکەوتووترین بازرگانی ئەورووپایە و بەرپرسی شرکەتی «نوکیا»یە و... هتد. بەڵام ئایا فینلەند بەهەشتە بۆ ژنان؟

سەرەڕای ئەو هەنگاوە مێژوویانەی کە لە چوارچێوەی سیستەمی دێموکراسی پەرلەمانی بە دەست هێنراوە، ژنان لە هیچ وڵاتێکی باکوور ئەوەندە لە ژێر زەبر و زەنگی پیاوان نەیانناڵاندووە. هیچ وڵاتێك وەك فینلەند ژنی بێ هاوسەری تێدا نییە کە بە تەنیا منداڵەکەی بەخێو دەکا. هەر دوو هەفتەی جارێك ژنێك بە هۆی ئەو زەبر و زەنگە گیانی لە دەستدەدا. هەر وەها گونجاندن لە نێوان ئەلکهول، هاری و خەمۆکی وا دەکەن پیاوان دەست بۆ لێدان ببەن. بازرگانی بە ژنانیش بە داخەوە هەر دەکرێ. (سەلام عەبدوڵڵا، ٢٠٠٣/١٢/٢٥ سایتی **Kurdistannet.org**)

به تێڕوانینێك له سەر چۆنیەتی دەسکەوتەکان و خاڵه لاوازەکانی لیبرال له ڕۆژئـاوادا دەبیـنین که ئەم ئایدیۆلۆجیەش وەك زۆربـەی ئایدیۆلۆجیـەکانیتر هـەم لایـەنی پـۆزەتیڤی هەیـە و هـەم لایەنی نەگەتیڤ. بەڵام پێویسـتە سـەرنجێکی بـار و دۆخـی هاوچـەرخی خۆشمـان بـدەین. لـە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە داخەوە توتالیتاریسـم هێلانـەی کـردووە و زەخـت و زەبـر و زەنگی دیکتاتۆریەت له سەر مرۆڤەکان بـە زەقـی دیـارە و بـە تایبـەت ئـەم سـتەمانە هاوکـات لەگەڵ پیاوسالاری بۆ ژن دوو پات دەبنەوە. پرسیار ئەویە که ئایا مێتـۆدی لیـبرال فمێنیسـتی تا چەنێك ئەتوانێ لەم ناوچەدا دڵامدەری کیشەکانمان بێت؟

ئەگەر بەرژەوەندی ژن تـەنیا لـە خانـەی یاسـادا خـۆی ببینێتـەوە بـەڵام لـە کـردەوەدا ڕەنـگ نەداتەوە چی؟ دیـارە ئێمـە پێویسـتمان بـە فێرکـاری و ریکلامـی زۆرە لـەم بـوارەوە. بـە ڕای نوسەر، یاسا بە تەنیا بۆ ژنی ئەم ناوچە بەس نییە بەڵکو کولتوورسـازی و فێرکردنـی هاوکـات لەگەڵ یاساکان دەتوانێ له ماویەکدا له ڕوی پەیڕەو پرۆگرامێکی داڕژاو، ئەزموون بکرێت.

بێگومان ئێمە بە کەڵك وەرگرتن لە میدیاکانی پێوەندی گشتی بە تایبەت تەلـەڤێزیون و ڕادیـۆ و بڵاو کراوەکان لەگەڵ پێك هێنانی دەرفەتگەلی فێرکاری چ بۆ ژن و چ بۆ پیاو و بە تایبەت بۆ بنەماڵه ئەتوانن بەستێنێکی کولتووری نوێ پێك بێنن.

لـەم کولتـوورە نوێیـەدا دەبـێ شـێوەگەلی ڕاهێنـان و پـەروەردە کردنـی منـداڵ لـە سـەرتاوە بگۆڕدرێ، بە چەشنێك که دایك و باوك سەرەتا لە نێو بنەماڵەدا دەستە بژێری نیوان کچ و کوڕ له بیر و مێشکی خۆیان وەسڕن و کچ و کوڕ بە یەکسان بـزانن. ئەوسـا کـە کـاتی فێرکـاری لـە خوێندنگەکانیش دەبێ تەواوی جیاوازیەکان و چەمکەکانی تەبعیز و دەستە بژێری نێوان کـچ و کوڕ بسڕدرێ، تەنانەت لە نێو کتێبە دەرسیەکانیشمان و... هتد.

دیارە بێ پشـتیوانی یاسـایی ئـەم کـارە یـا ناکـارێ یـا زۆر دژوار دەبـێ. لێرەدایـە کـە یاسـا و کردەوە و ریکلام دەبێ یارمەتیدەری یەکترین بن بۆ لابردنی سـەرکوتکاری ژنـان. یاسـا کاتێـك بە کەڵکە کە کردەوەی لەگەڵ بێ نەك لە نێو لاپەڕەکاندا ون بێت.

سەرچاوەکان:

١- ابوت، پلاما - والاس، کلر. جامعەشناسی زنان. ترجمەی منیژه نجم عراقی. تهران، نشر نی ١٣٨٠.

٢- کم گویان، اعظم. فمنیسم، سوسیالیسم و طبیعت انسان. اینترنت سایت **taktaz.com**

٣- احمدی خراسانی، نوشین. زنان زیر سایەی پدرخواندەها. تهران. نشر توسعه ١٣٨٠.

٤- عەبدوڵلا، سەلام. ٢٠٠٣/١٢/٢٥ ، ئینتەرنێت سایتی **kurdistannet.org**